# شكەنجەو هەڵواسینی ژنان و نەریتەكانی زیندان

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com



بەهەڵەدا نەچن ئەمە نەوێنەی ئەو ژنانەیە كە كاتی خۆی لەزیندانەكانی بەعسدا تەعزیب دەكراون ونەوێنەی ژنانی ئەمڕۆی نێو زیندانەكانی جمهوری ئیسلامی ئیرانە. نا ئەمە وێنەی ئەشكەنجە دراوی (زاراو)وە لەلایەن پۆلیس وكارمەندانی گرتووخانەكەی حكومەتی هەرێمی "خۆمانەوە" لە شاری سلیمانی.

سایتی ئاوێنە لە بەرواری 7/19 گوزارشێكی لەپەیوەند بە مامەڵەی پۆلیس وكاربەدەستانی بەندیخانەی گرتن وگواستنەوەی سلیمانی لەگەڵ كچێكی زیندانی بەناوی ڕازاو بلاوكردەوە كە جێگەی تیارامان وئاوڕلێدانەوەیە. سەرەتا باپێكەوە سەرنجێكی دانپیانان وهەڵوێستەكانی لێپسراوی بەشی ژنانی بەندیخانەی سلێمانی ڕوخۆش ئەحمەد بدەین، سەبارەت بەهەڵواسین و ئەشكەنجەدان ولیدانی ڕازاو دواتر هەڵوێستەیەك لەپەیوەند بەم ڕووداوەوە دەكەین. لەمبارەوە لێپسراوی بەشی ژنان خاتوو ڕوخۆش دەڵێ: (ئەو ژنە بەشێوەیەكی زۆرناشیرین ودوور لەئادابی ناو بەندیخانە جلوبەرگەكانی لابردووەو بەڕووتی لەبەرچاوی هەموو بەندكراوەكانی تر هەڵسوكەوتی كردوە ....درێژە بەقسەكانی دەدات ودەڵێ: پۆلیس وپاسەوانان چوونەتە سەری وئاگاداریانكردوەتەوە كە خۆڕووتكردنەوەكەی دوورە لە ئادابی نێو سجن بەلام ئەو بەقسەی ناشیرین وەلامی داونەتەوەو پەلاماری داون، ئەوانیش پەلاماریان داوەتەوەو بەرگریان لەخۆیانكردووەو لیانداوە. هەروەها بۆشین بوونەوەی جەستەی زاراویش دەڵێ: ژن لەشی ناسكە بەهەرشێوەیەك بشەربێت و پەلاماری بدرێ بەشێكی گیانی شین دەبێتەوە ). با لە دروستكردنی داستانێكی پوچ و بێكرپاری لەو شێوە گەرێن كە ئاخۆ ئەو ژنە هێرشكەرە كێ بێت كە لە بەندیخانەی سلیمانی دا نەك هەر ڕووبەڕووی كاربەدەستان و شكەنجەدەرانی ئەم زیندانە دەبێتەوە بەڵكو بەقسەی ناشیرین وەلامیان بداتەوەو پاشان پەلاماریشیان بدات. گومان لەوەدا نیە كە كەس بەم دۆعایە ناڵێ ئامین وئەم كلاوە ناچێتە سەركەسێك كە كاربەدەستانی گرتووەخانەكانی كوردستان بناسێت. بەلام گریمان ئەم بەرێزانە ڕاست دەكەن وڕووداوەكە بەوشێوەبووە كەباسكرا. ئەوجا پرسیار ئەوەیە كەئایا بەڕاستی ڕیگەچارەو ڕەوشتی دروست لەبەرامبەر بەوەها ڕووداوێك ئەوەیە كە زیندانیەكە هەڵبواسرێت وئەشكەنجەی بدرێت وهەموو لەشولاری شین ومۆر بكرێتەوە؟ دوورنیە لەم كاتەدا كاربەدەستانی سەروخوارو دۆستانی دەوربەری دەسەلات بەتەوانجەوە بلێن " نا كاك ڕیبوار میدالێكیش لەبەرۆكی ئەم خانمە دەدەین ودەڵین بەڕاستی قارەمانیت". دۆستانی دەسەلات كاتێك كەئێوە پاكانەتان بۆ شەكەنجەدانی زیندانیەك ئەوە دەبێ كەداب ونەریتی نیو زیندانی لەبەرچاو نەگرتووە ئیتر دیارە هیچ چاوەڕوانیەكتان لێ ناكرێت و هەقی خۆتان درێژە بە شغلی شەریفی خۆتان بدەن. بۆیە بەڕاستی مۆتیڤی ڕازاو هەرچیەك بووبێ بۆخۆ ڕووتكردنەوە لەهۆڵی مەنجەنیقی بێ كارەبای پەلە 40گەرمای شاری سلیمانیدا شتێكی سروشتیەو جێگەی هیچ لێپرسینەوەو سزادانێك نیەو هیچ یاساوڕیسایەك ژێرپێ نەخراوە، ئیتر نازانین ئەم داب ونەریتەی زیندانەی سلیمانی چیە كەجارێكی تر بۆ ژنانی زیندانی زیندودەكرێتەوەو دەبێتەوە تەوق لەگەردنیان دەئالێ. تۆ بلێ ئەگەر پیاوانیش بەوشێوەیە خۆیان ڕووتكردەوە هەر بەهەمان شێواز مامەڵەیان لەگەل بكرێ وهەڵیانواسن وئەشكەنجەیان دەدەن؟ وەلامی ئەم پرسیارانە هەرچیەك بێت بەدڵنیای ئەم شكەنجەو سزاو

لێدانەی ڕازاو بەتاوانی خۆڕووتکردنەوە لە هۆڵی ژنانی گرتووخانەکەی سلیمانی دا، سەرباری هەرجۆرە نائینسانی بوونێکی ئەم دەست درێژیە، هاوکات گوزارشتێکە لەجۆری شکەنجەو ئازاردانی ئەو زیندانیانەی کە تۆمەتی هەلسورانی سیاسی دەسگیردەکرێن وئەمڕۆ لەزیندانە ئاشکراونهێنەیەکانی حکومەتی هەرێمدا لە دوڕیانی مان ونەماندا ژیان بەسەردەبەن. پاساو ڕووقایمی لێپسراوان وکاربەدەستانی ئەم دەسەلاتە هەموو سنوورێکیان بەزاندوەو ستەمە کەسێك بتوانیٚ باسێك لە مۆڕالی سیاسی ویاسای ئەم بەڕێزانە بکات. ئاخر کاتێك لێپسراوێك هەڵواسین وبەکارهێنانی سزاو توندوتیژی لەوجۆرەی کە دژ بە ڕازاو بەکارهێنراوە،بەم شێوە پاساوبکات: ( ژن لەشی ناسکە بەهەرشێوەیەك بەشەڕبێت و پەلاماری بدریٚ بەشێکی گیانی شین دەبێتەوە ). ئیتر پێدەچێت هەرجۆرە هەڵوێست گرتنێك کاریکی بیٚ فایدە بێت، بۆیە دەبیٚ لە "خوای گەورە " بپاڕێنەوە کە لەشی ناسیکی ژنان بگۆڕێت بەجۆرێك کە بەرگەی ئەشکەنجەدانی گرتووخانەی سلیمانی بگرێت.

دوا بڕیاری گرتووخانەی سلیمانی لەبارەی ئەم ڕووداوەوە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە بکرێت تا بزانرێت کە ئایا ڕازاو تاونبارە یا ئەو کەسەی کە ئەشکەنجەی ڕازاوی کردوە. کەدیارە ئەگەر ڕازاو بەتاوانبارا دەرچوو ئەوا ڕەنگە چەندمانگێکی تر لەزیندانا بمێنێتەوەو ئەگەر کاکی پۆلیسیش بەتاوانبار دەرچوو ئەوا هەر نەبیٚ چەند ڕۆژێك بخرێتە کونەوە. پاشان ئاوبێنەوە دەست بشۆ، ئیتر چ خەمێکمان هەیە لە کوردستان هەموو شتیك یاسا دەیبڕێتەوە، هەربۆیە لەپەنا بەرقەراربوونی ئەم عەدالەتەدا سبەینیٚ ڕازاو یا کاکی پۆلیس سزادەدریٚ. ئیتر خۆ ئەوەی کەباسێکی لەسەرنیە ئەوەیە کە بۆدەبیٚ ڕێگە بەوەها دەستدریژیەك بدریٚ، بۆ دەبیٚ تیئۆری بۆ شەرعی بوون ونەبوونی ئەشکەنجەو هەلواسین بدۆزریتەوە ؟ بۆ ناکریٚ جیاواز لەقەبارەی فایلی تاوانەکانی هەر زیندانیەك حورمەت وکەرامەتی ئینسانی پارێزراوبیٚ ؟ بۆناکریٚ هەموو یاساو ڕێساو نەریتەکانی بەعس لەچەشنی لیدان وسزادان وسووکایەتی پێکردن وهەڵواسین وئەشکەنجەکردن بۆهەمیشە بەگۆڕ بسپێرێت ؟. جیگەی خۆیەتی لیرەدا بپرسین ئایا بەراستی تاوانباری سەرەکی یاساو دەسەلاتیکە کەوا ئاسان نەریتەکانی بەعس زیندو ڕادەگریٚ، یا شکەنجەدەران وزیندانیان کە لەڕاستیدا هەردوولایان قوربانی ئەو یاساوڕیسایەن کە ڕێگە بەتووندتیژی وسووکایەتی کردن بە ئینسان دەدەن، کەواتە ئەوە دەسەلاتە کە پیویستە بخریتە ژێرپرسیارو ناچاربکریٚ بە گۆڕینی یاساو ریساکانی خۆی .

## شكةنجةي رازاو ، مةلةفي ذنان و مافي زيندانيان

دوابەدوای بەردبارانکردنی دوعا، کۆمەڵگای کوردستان ڕاچەنین وهەژانێکی گەورەی بەخۆیەوەبینی، بەجۆریك کە نەتەنیا هەرچی حزب و ریکخراوە سیاسیوپیشیەییەکان ناچار بەهەلویستەیەك بکات لەبەردەم ئەم کارەساتەدا، بەلکو تەنانەت هەندیٚ لە ریکخراو حزبە ئیسلامیەکانیش ناچارکران بەوەی کە ئەگەر بۆ پاکانە کردنیش بوو‌بیٚ لە خۆیان ئەوا دەبیٚ بێدەنگ نەبن لەبەرامبەر بەم کارەساتەدا. دەبیٚ ئەوەش بلین کە کوشتنی بەناز سنوورەکانی شەپۆلی ناڕەزایەتی دەربرینی بەرەی ئازادیخوازی فراوانترکردەوە. بەجۆریك کە مەسەلەی کوشتن تیرۆری ژنانی بردە ئاستیکی بالاتری وا کە بۆ ماوەیەك مەلەڤ قەسابی کردنی ژنان بکاتە میوانی سەر سفرەی هەموو مالیك لە کوردستاندا. جۆشخواردنەوەی ئەم دووکارەساتە یەك لە داوای یەك بووە هەوینی ناچارکردنی دەسەلات بۆ ئاوردانەوە لە مەلەڤ کوشتاری ژنان. بۆیە هەر لە سەرۆکی حکومەت وپەرلەمان وحزبە سیاسیەکانی دەسەلاتەوە بگرە تا بەلیندان بۆ دارشتنەوەی یاسایەك کە بتوانیٚ ڕێگە بە کوشتاری ژنان بەرتەسك بکاتەوەو لیپرسینەوە بەدواچوونیکی زیاتر بکریٚ لەسەر تاوانباران. مەسەلەیەکی تر کەدەنگدانەوەی فراوانی بوو راپۆرتەکەی ( ریکخراوەی چاودیری مافەکانی مرۆڤ )بوو کە ریکخراوەیەکی نیودەولەتیە. کە لە پەیوەند بە دۆخی ماڤ زیندانیان بوو لە کوردستان. کە لە ئاستیکی زۆر بەرچاو رەخنەکانی ئەم ریکخراوەیە دەسەلاتی حکومەتی هەریمی دووچاری نیگەرانی وشپرزیەکی زۆرکرد بە شیوەیەك کە ئاسایشی هەردوولا کەوتنە پاکانەکردن وبەدرۆخستنەوەی راستەکانی نیو راپۆرتەکە، بەپاساوی ئەوەی کە گوایە زانیاریەکانی ئەو راپۆرتە کۆنەو هی سالی پارە. ئەم سال وەزعی زیندانیەکان گورانی زۆری بەسەرداهاتووەو لەئاستیکی زۆر بالادا ستاندارە نیونەتەوەیەکان رەچاو دەکریٚ . تۆبلێی هەلواسین و ئەشکەنجەدانی ژنان شاملی ستاندارده جیهانیەکانی سەر زاری لیپسراوانی ئاسایش نەبیٚ بۆ پاراستنی مافەکانی زیندانیان وا بەوجۆرە لەم سالٚ وبەریکەوت چەند هەفتە پاش تیپەربوون بەسەر راپۆرتەکەی ریکخراوەی چاودیری مافەکانی مرۆڤ ، هیشتا لەبەندیخانەکانی کوردستان دریژە بە تەمەنی خۆی دەدات؟ یا هەقیقەتەکە ئەوەیە کە حکومەتی هەریم توانای توانای بەڕیوەبردنی دەسەتیکی نیە کە دوربیٚ لە ئەشکەنجەو هەلواسین وسووکایەتی کردن بە ماف

**وحورمەتی ئینسان.**

**هەلواسین وئەشکەنجەدانی ڕازاوی ژن و ڕازاوی زیندان بەدەر لەهەر تاوان و"بەزاندنی هەر سنووریك" بۆ بەرەی ئازادیخواو ئینسان دۆست دەبێ ئەو مەخزایە لەخۆبگرێ کە خەباتمان دژ بە هەموو پیشلیکاری و ناعەدالەتیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەلکی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ لەفراوانکردنەوە پەرەپیداندابێ. میژوو ئەزموونی 15 سال دەسەلاتداریەتی ئەم لایەنانە ئەو راستیەیان سەلماندوە کە هەر هەنگاویك بۆ باشتر کردنی ژیان وگوزرەنی خەلکی کوردستان ودەستەبەرکردنی ماف وئازادیەکانیان لەگرەوی دەنگ هەلبرین و پەرەپیدانی نارەزایەتی دەربرینەکانماندایە! هەربۆیە گۆرینی پارسەنگی هیزەکانە لەبەرژوەندی زۆربەی زۆری خەلکی کوردستاندا تەنیا لە گرەوی فراوانکردنەوەی هەرچی زیاتری بزوتنەوەی نارەزایەتی دەبرینی خەلکی کوردستاندایە کە داینەمۆی ئەم نارەزایەتی دەبرینانەش بزوتنەوەی چەپ وئینسان وئازادیخوازە، بۆیە دەبێ لەبەرامبەر بەهەر دەستدریژی وبێ مافیەکدا دەنگ هەڵبرین وکیشەی ڕازاوڕازاوەکانی ئەودیوبەندیخانە داخراوسەرگیراوەکان بێنیتە سەرشەقام وجیهانی لێ ئاگاداربکرینەوە. ئەم بزوتنەوەیە دەبێ هەلقەی نارەزایەتی دەربرینەکانی ڕازاوەکان فراوان وفراوانتربکاتەوەو ئەم ژیانە لەبەرژەوەندی پاراستنی حورمەتی ئینسان وماف وئازادیەکاندا بگۆڕێت.**